
رانیە ... نرخی مۆلیدێ ئەهلییەکان دیاریکرا



ئەمڕۆ سێشەمە ، بەڕێوەبەرایەتی کارەبای سنووری ئیدارەی راپەڕین بڕیاویکردووە، لیژنەی مۆلیدە ئەهلییەکان بۆ دیاریکردنی نرخی مۆلیدێ کێبوونەوە و بەپێی نرخی سوتەمەنی لە بازاڕەکاندا، نرخی هەر کاتژمێرێك کارەبای مۆلیدێ بۆ یەك ئەمپێر ٤٢ دینارە.

وتیشی، بەمەش نرخی یەك ئەمپێر کارەبای مۆلیدەی ئەهلی گەڕەکەکان لە ناوشاری رانیە لەنێوان پێنج هەزار و ٥٠٠ دینار بۆ ١٠ هەزار دینارە، بۆ پێیی مۆلیدەکان لە نێوان ١٣٥ بۆ ٢٢٨ کاتژمێر کاریان کردووە.

دەشڵێت، لەکێبوونەوەکەدا بڕیاردرا بڕنامەی کارپێکردنی مۆلیدەکان ٢٤ کاتژمێری بێت، واتە هەرکاتێک کارەبای نیشتیمانی پچڕا راستەوخۆ مۆلیدەی ئەهلی گەڕەکەکە هەڵدەکرێت و نابێت لە ١٠ خولەک زیاتری پێ بچێت.